گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەوایەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان (توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاریە)

**نیان عبدالله محمد**
قوتابی ماستەر لە بەشی یاسای گشتی، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق
neenajaff@yahoo.com

**پ. ی. د. شاری خالد معروف**
بەشی یاسای گشتی، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق
Sharee.marouf@soran.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٢/٦
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٣/٢٠
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکیەکان:**
*Referendum, Constitution, Federal Supreme Court, Democracy, Supportive legal frameworks, international principles*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.13

## پوختە

ڕاپرسی یەکێکە لە ئامرازە بەهێزە ئاشتەواییەکان بۆ پیادە کردنی مافی چارەنوسی گەلان، گەلان و نەتەوەکان لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە گوزارشت لە خواست و مافەکانیان دەکەن، هەر گەلێک دەتوانێت لە ڕێگەی ڕاپرسی بە ئاشتیانە بڕیار لە شێوازی ژیان و هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایی کردن بدات، ڕاپرسی ڕەگ و ریشەی مێژوویی هەیە، هەر لە سەردەمی کۆنفیدڕالیەتی ویلایەتەکانی ئەمریکا و فەرەنسا لە دوای شۆڕشی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩)، تا دواهەمینیان ئەنجامدانی ڕاپرسی گەلی کەتەلۆنیا بوو لە ساڵی ٢٠١٧.

دەکرێت ئەم پرۆسەیە بە ڕێککەوتنی دوولایەنە لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت، یاخود بە پێچەوانەی هەموو ئەوانە ئەو گەلەی یا هەرێمێک لە وولاتێکی فیدراڵی، یاخود حوکمەتێکی خۆجێیی دەیەوێت تاکلایەنە بڕیاری ڕاپرسی بدات و مافی چارەنوسی خۆی دیاری بکات.

ئەزمونی ئەنجامدانی ریفراندۆم بەمەبەستی جیابوونەوە لە دەوڵەتی دایک لە باشوری کوردستان و هەرێمی کەتەلۆنیا گوزارشت لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خواستی خەڵکی ئەو ناوچانە دەکات بۆ سەربەخۆیی لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی بەزۆر پێکەوە لکێندراو، چونکە هەردوو حکومەتە ناوەندیەکە کەتەلۆنیا و کوردستانیان لە ڕێگەی هێزەوە بە خۆیانەوە لکاندووە. لە ڕابردوودا خەڵکی کەتەلۆنیا و هەرێمی کوردستان هەوڵیان داوە، کە بە شێوازی جۆراو جۆر و هەوڵدان بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجی سەربەخۆیی، وە گرنگترین بنەمای یاساییان هەبووە .
ڕاپرسی کاریگەرترین هەوڵ بووە بەهۆی ئەو پاڵپشتە یاساییە نێودەوڵەتیە بەهێزەی ڕاپرسی هەیەتی، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و هەرێمی کەتەلۆنیا بۆیان دەرکەوت، کە ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی ئاشتیانە لەوانەیە کاریگەرترین ڕێگا بێ بۆ ئەوەی سەربەخۆییەکی زامن کراو بۆ جیابوونەوە لە وڵاتە داگیرکەرەکان دابین بکەن، سەرەڕای پاڵپشتیە یاساییەکانی ریفراندۆمی کوردستان، کە زۆرینەی دەنگدەران دەنگیان بۆ بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دا بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی ناچار بە سڕکردنی ئەنجامی ریفراندۆمەکە کرا لەبەرژەوەندی دەوڵەتی فیدراڵی.

## 1. پێشەکی:

ڕیفراندۆم ئامرازێکی ڕاستەقینەیە بۆ پیادە کردنی دیموکراسی لە هەر دەوڵەتێک، کە گەل تیایدا خاوەن بڕیار بێت لەسەر هەر پرس و بابەتێکی هەستیاری یاسایی یا سیاسی، کە ڕەزامەندی گەل لەم پرسە دەبێتە مەرجی بنەڕەتی بۆ پەسەند کردنی لەلایەن دەوڵەت یاخود دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەت. گومان لەوەدا نیە کە لە هەموو وڵاتێکی دیموکراسی لە پێناو بەرجەستە بوونی ڕەوایەتی وا پێویست دەکات کە هەموو هەڵسوکەوتەکان بەبێ ڕێزپەڕ ئەوانەی لە سنووری وڵاتێکی دیاری کراو ئەنجام دەدرێن دەبێ لە ژێر ڕۆشنایی دەقە یاساییەکان بێت بە پێچەوانەی ئەم هەڵسوکەوتە ڕەوایەتی خۆی لە دەس دەدات و بە کارێکی نا یاسایی هەژمار دەکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بوو ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ئەنجام درا پاڵپشت بە دەقەکانی دیباجەی دەستووری عێراقی، کە تیایدا هاتووە عێراق (دەولەتێکی یەکگرتووی ئارەزوومەندانەیە)، بەڵام دوای ئەوە بە فشاری سیاسی لەلایەن دادگای باڵای فیدرااڵی عێراقی ئەنجامەکانی ڕەت کرایەوە. لە میانەی ئەم توێژینەوەمان دەمانەوێت ئەم پاڵپشتە یاساییانە بخەینە ڕوو، کە ڕەوایەتی دەدات بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی دەستووری عێراقی بەرکار و پرەنسیپ و بنەما نێودەوڵەتیەکان، وە هەروەها بەراوردی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان

### 1.1 گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیەمان بریتییە لە تیشک خستنە سەر ڕەوایەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و بڕیاری دادگای بالای فیدراڵی عێراقی، کە ۆر لە ناوەندەکانی ئەکادیمی و دامەزراوە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبن تیایدا.

### 1.2 کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە تیسک خستنە سەر ئەو کەلێنە یاساییانەی، کە لە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی هەیە سەبارەت بە ڕەت کردنەوەی ئەنجامی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بە دیاری بخەین ئایا ڕەوایەتی هەبووە یاخود نا لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان پاڵپشت بە دەقە یاساییە ناوخۆییەکان و نێودەوڵەتیەکان.

### 1.3 پرسیاری توێژینەوە:

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان خۆی دەنوێنێ لە:- ئایا ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی یاسایی هەبووە؟ کە ئەمەش چەندین پرسیاری لاوەکی لێ دەکەوێتەوە هەریەک:-

- ئایا ڕیفراندۆم چییە؟
- ئایا ئەم پاڵپشتە یاساییانە چین لەسەر ئاستی ناوخۆی و نێودەولەتی کە ڕەوایەتی دەدات بە ڕیفراندۆمی کوردستان.
- ئایا بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بڕیارێکی سیاسی بوو یان یاسایی؟

- ئایا خاڵی جیاواز و لێکچووەکانی نێوان ڕیفراندۆمی باشووری سودان و کەتەلۆنیا چین بە بەراورد لەگەڵ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان.

### 1.4 سنووری توێژینەوە:

چوارچێوەی باس کردنمان لەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئاماژەدان بە دەستووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) و بنەما و پرنسیپە نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بە مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و باشووری سودان و کەتەلۆنیا.

### 1.5 میتۆدی توێژینەوە:

گومان لەوەدا نیە کە هەر توێژینەوەیەک پێویستی بە میتۆدێک یان زیاتر هەیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی توێژینەوە، ئێمەش لەم توێژینەوەمان پشتمان بەستووە بە میتۆدی شیکاری بەراوردکاری، هەڵساوین بە شی کردنەوەی دەقە دەستووریەکانی عێڕاقی ساڵی (٢٠٠٥) و پرەنسیپ و بنەما نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بە مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان وە هەروەها پشتمان بەستووە بە ڕای بیرمەندانی یاسا لەم بابەتەوە، وە هەروەها هەڵساوین بە بەراورد کردنی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەریەک لە ڕیفراندۆمی باشووری سودان و کەتەلۆنیا بۆ بەدیار خستنی خاڵە لەیەل چوو و جیاوازەکان.

### 1.6 پەیکەری توێژینەوە:

بەمەبەستی نووسینی ئەم توێژینەوەیە وامان بەباش زانی کە دابەشی سەر دوو بەشی بکەین لە بەشی یەکەم باس لە پاڵپشتە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە ئەویشمان دابەش کردووە بۆ سەر دوو تەوەر لە تەوەری یەکەم باس لە پاڵپشتە یاساییە ناوخۆییەکان دەکەین، وە لە تەوەری دووەم باس لە پاڵپشتە یاساییە نێودەوڵەتیەکان دەکەین، بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان کە تەرخان کردووە بۆ باس کردن لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و هەرێمە بەراوردکارەکان ، کە بەهەمان شێوەی بەشی یەکەم بەشی دووەممان دابەشی سەر دوو تەوەر کراوە تەوەری یەکەم بەراوردی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و باشووری سوردان، وە تەوەری دووەم بریتی دەبێ لە بەراوردی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و کەتەلۆنیا، لە کۆتایی توێژینەوەکەمان گەیشتووین بە چەندین دەرئەنجام و ڕاپرسپاردە، کە خراوەتە ڕوو.

### 1.7 کلیلی ووشە:

ڕیفراندۆم، پاڵپشتە یاساییەکان، دادگای باڵای فیدراڵی، پرنسیپە نێودەوڵەتیەکان، دەستوور، دیموکراسی.

## 2. ڕەوایەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان

لە پێناو دیاری کردنی ڕەوایەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان وامان بە باش زانی کە دابەشی سەر سێ تەوەری بکەین، لە تەوەری یەکەم باس لە پاڵپشتە یاسایەکان دەکەین بە پێی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، وە لە تەوەری دووەم باس لە پاڵپشتە یاسایە نێودەولەتیەکان دەکەین، تەوەری سێیەم باسی یاسایی بوونی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، وەک لە خوارەوەدا هاتووە:-

### 2.1 پاڵپشتی یاسایی بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥:

لەگەڵ پرۆسەی ئازادی عێراق، کە پرۆسەیەکی بنیاتنانی دەوڵەتی نوێی عێراقە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)، قۆناغێکی نوێ و سیستەمێکی فەرمانڕەوایی و ڕامیاری نوێ دروست بوو لە عێراق، بە بەشداری کارای کورد دەستوری هەمیشەیی عیراق نوسرا، گەلی کوردستان ڕەزامەندیان نیشان دا لەسەر دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)، ئەو دەستوورەش پێک دێت لە دیباجە و (١٤٤) ماددە، تیایدا باس لە مافی هەموو گەلانی عێڕاق کرا، بەڵام لەلایەن حکومەتی فیدراڵی بەغدا بە شێوەیەکی ناشەرعی پەیرەو کرا و پێوەی پابەند نەبوون، هەروەکو پێشێل کردنی ماددەی (١٤٠) و زیاتر لە (٥٥) ماددەی تر ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی بڕوا لای هەمووان، کە ئەو مافە شەرعیانەی لە دەستوور ئاماژەی پێ دراوە، بە هیچ شێوەیەک حکومەتی بەغدا نایبەخشێتە گەلی کوردستان (گەیلانی، ٢٠٢١، ل١٥١).

دەستووری هەمیشەیی عێڕاق بە دیباجە دەست پێ دەکات دیباجەی دەستووری عێڕاق (٢٠٠٥)، کە تیایدا باس لە مێژووی عێڕاق و شارستانیەتەکەی و پێکهاتەکانی و ڕۆڵی سەرکردە سیاسیەکانی و پیاوە ئایینیەکان دەکات، لەو نێوەندەشدا پێکهاتەی کورد پەراوێز نەخراوە، بەڵکو وەکو بەشێک لە عێڕاق دانی بە کورد ناوە، ئەو دەستوورەش جیاوازە لە دەستوورەکانی تری عێڕق، لەوەی کە کورد ڕۆڵێکی گەورەیان تیا بینیووە (علی، ٢٠١٨، hawler).

دیباجەی دەستووری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥) ئاماژە بەوە دەدات (لەناوبردنی سیاسەتی دوژمنکارانە) بە ڕوون و ئاشکرا دیارە، کە دەستوور دژی هەموو ڕێگا چارەیەکە، کە دووبەرەکی و دژایەتی دوژمنکارانە بێت بۆ گرتنە بەری ڕێگاکانی چارەسەر کردنی کێشەکان و پابەند نەبوون بە دەقەکانی دەستوور، وە باشترین شێوازی ئاشتەوایی و دیموکراسی دوور لە ململانێیی چەکداری بریتییە لە گرتنەبەری شێوازی ڕیفراندۆم بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و یەکلاکەرەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو قەوارەی سیاسی، ئەوەش لە ئەنجامی پێشێل کردن و جێبەجێ نەکردنی بەندەکانی دەستووری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥)، لەبەر ئەوەی کۆتایی دەوڵەتی فیدراڵ یا گەرانەوەیە بۆ دەوڵەتێکی سادەی یەکگرتوو، یاخود بە لەیەکتر جیابوونەوەی هەرێمەکان دێت، کە هەر هەرێمێک لە دەوڵەتە فیدراڵیەکە دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ (معروف، ٢٠١٨، ل٢٠-٢١).

دیباجە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە مافی چارەی خۆنووسین دەکا، کە سیفەتێکی پابەندی هەیە، بەڵام ئەگەرسەرنج بدەینە سەر ماددەی (٨) لە دەستووری عێراق، کە باس لە (پابەند بوونی دەوڵەتی عێراق دەکات بە پابەندبوونە نێودەوڵەتیەکان)، یەکەم پابەندی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆی عێراق، کە بریتییە لە دان پیانان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلانی وولاتەکەی، ئەویش بەپێی ماددەی (١) لە هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٦٦). کە تایبەتە بە مافەکانی شارستانی و ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، کە جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان دەکەن لە سنووری ئەو وولاتانەی، کە ئەندامن لە پەیماننامەکە ئەو مافەی بە یاسا کردووە، دواتر پەسەندی دەکات بەیاسا، کە ژمارەکەی (١٩٣)ی ساڵی (١٩٧٠)، (ڤالا، ٢٠١٩، ل٥٧).

هەر لەم دەستوورەدا (دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥) دان بەوە نراوە، کە عێراق دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیە و کوردیش نەتەوەیەکی سەرەکیە بە دووەم نەتەوە هەژمار دەکرێت لە عێراق لە ڕووی ژمارەوە لە دوای نەتەوەی عەرەب، ئەم دەستوورەش هەموو مەفە دەستووری و سیاسی و مەعنەوی و کلتوریەکان دەپارێزیت، سەرەڕای دانی شەرعیەت بە هەرێم و پێدانی دەسەڵاتی فراوان لە ڕووی ئاسایش و سەرووەریەوە، واتە جەخت کردنەوە لەسەر بوونی هەرێمی کوردستان پێش بوونی دەستووری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥)، هەروەکو لە برگە (١)ی ماددە (١١٧) ئاماژەی پێ دراوە (دەستووری عێراق ٢٠٠٥)، وەهەروەها ماددەی (١٤١) بە هەمان شێوە جەخت لەسەر بوونی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە پێش دانانی دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)، کەواتە سێ دەسەڵاتی (یاسا دانان، جێبەجی کردن،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دادوەری) هەرێمی کوردستان دەستووری یاسایین، ئەمەش ئەوە دەگەنێ، کە دەستووری هەمیشەیی (٢٠٠٥) تەنها دانی پێداناوە و بنیاتنەر نەبووە، هەروەها لە ماددەی (١٢٠)دا هاتووە (هەرێم دەستوورێک بۆ خۆی دادەڕێژێت هەرەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی لەو دەسەڵاتە دیاری دەکات بە مەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا)، (دەستووری عێراق ٢٠٠٥).

ڕیفراندۆمی گشتی لەگەڵ ڕوحی پرەنسیپە سەرەکیەکانی دەستووری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥) گونجاوە، لەبەر ئەو پاساوانەی خوارەوە:

- یەکێک لە بنەماکانی سیستەمی حوکمڕانی پەسەند کراو لە دەستوور خۆی لە سیستەمی دیموکراسی دەبینێتەوە، هەر سیستەمێکیش بە دیموکراسیی هەژمار بکرێت، پێویست بەوە دەکات دەستوور بڕیار لەسەر بنەما سەرەکیەکانی بدات، کە دیموکراسی لەسەر بنیات دەنرێ، ئەگەرسەرنجی دەقەکانی دەستوور بدەین بۆمان بەدیار دەکەوێت بڕیاری لەسەر سەرووەری میللی داوە، بەتایبەتی لە ماددە (٥)ی دەستووری عێڕاق ساڵی ٢٠٠٥ هاتووە (سەرووەری بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعیەت بوونیەتی، کە بە هۆی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنیەوە لە ڕێی دام و دەزگا دەستووریەکانەوە ئەنجامی دەدەن).
- پاڵپشتە ناوخۆییەکان کە لە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان ئاماژەیان پێ کراوە بۆ پیادە کردنی مافە سیاسیەکان، کە مافی چارەی خۆنووسین یەکێکیانە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی: پێویستە گەل بەشداری لە ژیانی ڕامیاری لە ڕێگەی دەنگدان لە (ڕیفراندۆمەکان، هەڵبژاردنەکان)، لەبەر ئەوەی پیادە کردنی مافە سیاسیەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەروەک ئاماژەمان پێ کرد لە دەستووری عێڕاقی بە ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ دراوە، کە مافی هەموو تاکێکی عێڕاقییە، وە پیادە کردنی مافی ڕا دەربڕین بە نەخێر یا بە بەڵێ لەسەر پرسێکی سیاسی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دانی پیانراوە لە دەستووری عێڕاقی بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەنجام دانی ڕێفراندۆم پاڵپشتیەکی یاسایی دەستووری هەیە. وە خۆ پاڵاوتن بۆ دەستەی نوێنەرایەتیەکان) بکات، ئەوەش لە ماددەی (٢٠)ی دەستوور تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، ئەو سێ ئامرازەش بە گرنگترین ئامرازەکانی پەیڕەو کردنی دیموکراسی ڕاستەقینە دادەنرێت لە هەر وڵاتێک، کەواتە دەکرێت وەک هەنگاوێکی کردەوەیی پەنا بۆ دەقی ماددە (٢٠)ی دەستوور ببردرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی (شبر، ٢٠٠٩، ل١٢٧- ١٢٨).

## 2.2 پاڵپشتە یاساییە نێودەوڵەتیەکان:

پرەنسیپ و بنەما نێودەوڵەتیەکان بە ڕوونی باس لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکەن لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم وەک ئامرازێکی ئاشتەوایی و دیموکراسی سەردەمیانە هەروەک لە خوارەوە باسی لێوە دەکەین:-

**یەکەم: پرنسیپە نێودەوڵەتیەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و ئەزموونی وولاتان:-**

- پرنسیپەکانی شۆڕشی ئەمریکی (مافی چارەی خۆنووسین) ساڵی (١٧٧٦): لە ڕێکەوتی (١٧٧٦/٧/٤) پاش هەموار کردنی (٤٨) برگە و گۆڕینی زیاتر لە چوار سەد ووشە، نوێنەرانی هەر سێزدە هەرێمی ئەمریکای باکوور دەستیان کرد بە دەنگدان لەسەر ڕەشنووسی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، لە کۆی (١٣) هەرێم (١٢) هەرێم دەنگیان بۆ بەڵێ دا، تەنها نیۆرک دەنگی نەدا، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکای باکوور بوو بە ڕاستی، وە لە کاتی ئامادەکاری بۆ واژوو کردنی ڕاگەیاندراوەکە نوێنەری نیۆرکیش دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا (بەرواری، ٢٠١٧، hekar).
زاراوەی "مافی چارەنووس" لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا (مۆنرۆ) لە ساڵی (١٨٢٣) بەکار هێنرا و ئاماژەی بە مافی گەلان دا بۆ ڕزگار بوون لە ژێر دەستی ئیمپریالیزم، دوای ئەوەش سەرۆکی ئەمریکا (ویلسن) لە سالی (١٩١٨) لەو نامەیەی کە ئاراستەی کۆنگرێسی ئەمریکای کرد بۆ چارەسەر کردنی بارودۆخی ئەو گەلانەی لەژێر ئەزموونی وولاتانی بیانی بوون جەختی لەسەر کرایەوە، دەڵێ (دەبێ ڕێز لە مافی نەتەوەیی گەلان بگیرێت و گەل بە ویستی خۆی حوکمرانی دیاری بکات، وە ئەم مافەش تەنها دەربڕین نیە، بەڵکو پرەنسیپێکی پێویستە بۆ کار کردن)، (شاری، ٢٠١٨، ل١٥).
- پرەنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسا (پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین لە شۆڕشی فەرەنسا) ساڵی ١٧٨٩: بە دایکی هەموو شۆڕشەکان ناودەبردرێت، پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ و گەلی فەرەنسا لە ساڵی (١٧٨٩) بە دیار دەکەوێت، (١٧) مادده لەخۆ دەگرێت، جەخت لەسەر ئازادی و یەکسانی مافی گەلان دەکات، هەروەها باس لە پاراستنی مافی موڵکداری و ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی ستەم و زۆرداری دەکات و سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕووخاند (گەشبیر. ٢٠١٦، مارا- ساد).

- ڕاگەیاندنی هاوبەشی بەریتانیا و فەرەنسا لە (١٩١٨/١١/١٨): ئامانجی ڕاگەیاندنی هاوبەشی هەردوو وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە ڕزگار بوونی گەلان لە ژێر دەستی عوسمانیەکان، بۆ ئەوەی بتوانن بڕیار لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بدەن و بە ویستی خۆیان خۆیان بەڕێوە ببەن (زێباری، ٢٠٠٢، ل٣٢٧).

**دووەم: بنەما یاساییە نێودەوڵەتیەکان:-**

- بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان: پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم مافی چارەی خۆنووسینی گەلان گۆڕانکاری بەسەردا هات لە سروشتی ڕامیاریەوە گۆڕا بۆ بنەمایەکی یاسایی، پاش ئەوەی دەق نووس کرا لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە لە دیباجە و بڕگەی (٢)ی ماددەی (١) و ماددەی (٥٥) باس لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکات، ئەوە جگە لەوەی کە ماددەی (٥٦) لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان وڵاتانی ئەندام ناچار دەکات بە پابەند بوون بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلانی سنووری وڵاتەکەیان، بۆیە ئەو مافە لە وڵاتی عێراق مافێکی دەستووریە، سیفەتی پەیوەست بوونی هەیە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی لە عێراق (بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان).
- ڕێکەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆ (ڕێکەوتننامەی ماف و ئەرکەکانی دەوڵەتان) لە(١٩٣٣/١٢/٢٦) لە شاری مۆنتیڤیدیۆی ئۆرۆگوای دەرچوو، وە لە (١٩٣٤/١٢/٢٦) چووە بواری جێ بەجێ کردن، وە لە (١٩٣٦/١/٨) لە پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان تۆمارکرا، یەکێکە لەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیانەی ناکرێت لە کاتی دروست بوونی دەوڵەت ئاماژەیی پێ نەدرێت، ئەو ڕێککەوتنامەیە لە (١٦) ماددە پێکهاتووە، ماددەی (١)ی ڕێککەوتنامەکەدا هاتووە (دەوڵەت کەسێکە لە کەسەکانی یاسای گشتی نێودەولەتی بەمەرجێک پێکهاتبێت لە گەلێکی جێگیر، خاکێکی دیاری کراو، دەسەڵاتێکی ڕامیاری، کە توانای بەستنی ڕێککەوتنامەی هەبێت لەگەڵ وڵاتانی تر)، بەپێی ئەو مەرجە هەرێمی کوردستان هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە بۆ دروست بوونی دەوڵەت (حسین، ٢٠١٤، مرۆڤایەتی).
- هەردوو پەیماننامەی نێودەولەتی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ:پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، وە هەروەها پەیماننامەی نیودەوڵەتی تایبەت بە مافی شارستانی و ڕامیاریەکانی ساڵی (١٩٦٦)، لەبەر گرنگی پرنسیپی مافی چارەنووسی گەلان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە جیهاندا . لە بەشی یەکەمی ماددەی (١)ی هەردوو پەیماننامە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە بە دەق باس لە مافی چارەنووسی گەلان دەکات، کە دەڵێ "١- هەموو گەلێک مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە بە پشت بە ستن بەم مافە بە شێوەیەکی ئازادانە قەوارەی ڕامیاری خۆی دیاری دەکات و بە شێوەیەکی ئازادانە بەردەوام دەبێت لەسەر گەشە پێدانی بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆیان. ٢- هەموو گەلان بۆیان هەیە بە شێوەیەکی ئازادانە هەڵس وکەوت بە سامان و داهاتی سروشتیان بکەن. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەبێ پێشێلکردنی ئەو ئەرکانەی کە بە هۆی هاوکاری ئابووری نیودەوڵەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و یاسای نێودەوڵەتی دەکەوێتە سەر شانی و نابێت بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان لە بژێوی تایبەت بێ بەشی بکرێت. ٣- پێویستە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا ئەندامن بەو کەسانەوەش، کە بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمانەی، کە لەژێر چاودێری دان و خۆیان حوکمی خۆیان ناکەن، ڕێگە بدەن لە پێناو بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان ڕێز لەم مافە بگرن، بە پێی دەقەکانی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان)، (معروف، ٢٠١٨، ل١٧).

### 2.3 ڕێکارە یاساییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان:

بە گوێرەی بڕگە (٥٦/١)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی- عێراق هەموار کراو پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی دەرکردنی یاساکانی هەیە، وە بە گوێرەی بڕگە (٢) هەمان ماددە پەرلەمان بڕیار لەسەر ڕێککەوتنەکان و یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی تایبەتن بە کێشە چارەنووسازەکانی گەلی کوردستان، هەروەها بڕیار لە دیاری کردنی پەیوەندی یاسایی لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی کوردستان دەدات (یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان ژمارە ٢٠١٣/١٥).

بە گوێرەی ماددەی (١) لە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)، "پەرلەمانی کوردستان- عێراق تاکە مەرجەعی ڕامیاری و دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسازەکانی گەلی کوردستان و عێراق لە دیاری کردنی پەیوەندی دەستووری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵیدا"(گەیلانی، ٢٠٢١، ل١٦١).

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان سەبارەت بە میکانیزمی یاسایی بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم پشت دەبەستێت بە یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو، یاسای کۆمسیۆنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)، لەسەر ئەو بنەما یاساییانە و پشت ئەستور بەو یاسایانە پەرلەمانی کوردستان ڕیفراندۆم میکانیزمی یاسایی بۆ دانرا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە (عبدالله، ٢٠١٨، ل١٤٠- ١٤١)، کەواتە بەپێی بەڵگەنامە یاساییەکان و گەڕانەوە بۆ دەستوور بۆمان بەدیار دەکەوێت، کە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان لە ڕێگەی ڕیفراندۆم لە ئێستا و لە داهاتووشدا بە یەکێک لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دانراوە، یا دەسەڵاتی یاسا دانان، کە پەرلەمانە، پەرلەمانیش گوزارشت لە ڕای زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات و لە ڕێگای گەلیشەوە هەڵبژێردراوە، یا دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، وە یاخود بە هەردوو دەسەڵات دراوە، هەندێ دەستووریش بە گەلی داوە، بێگومان بابەتی جیابوونەوە و سەربەخۆیی لە ڕێزبەندی بابەتە چارەنووسازەکانە، چونکە بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدا بە مانەوە یاخود جیابوونەوە، واتە مافی چارەی خۆنووسین (عبدالله، ٢٠١٧، ل٧٣)، وە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەپێی ئەو مافەی کە لە دەستووردا هاتووە مافی ئەوەی هەیە ئەنجامی کۆتایی ڕیفراندۆم ڕابگەیەنێ، وە دەکریت دەستوور ڕێگا بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش بدا، کەوا ڕیفراندۆم ئەنجام بدات، وە هەروەها گەلیش دەتوانێ بڕیاری ڕیفراندۆم بدات بەوەی کە دەقی دەستووری ڕێگای پێ داوە (عادل، ٢٠١٧. ل٦٤).

هەندێ لایەن بانگێشەی ئەوە دەکەن، دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە کوردستان ئەو شەرعیەتەی نیە بڕیار لە ئەنجام دانی ڕیفراندۆم بدا، بەڵام ئێمە دەڵێین دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان دامەزراوەیەکی فەرمییە و لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا دامەزراوە، بۆیە پێویستمان بە ڕەزامەندی دەوڵەتی دایک نیە، کاتێک دامەزراندنەکەی پێچەوانەی ماددەی (١١٠) بەندەکانی دەستووری عێراقی نەبێت، کە پەیوەندی بە دەسەڵاتی دیاری کراوی حکومەتی فیدراڵیەوە هەیە.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٦/٧) کۆبوونەوەیەک ئەنجام درا بە سەرپەرشتی بەڕێز (مسعودبارزانی)سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هاوینەهەواری پیرمام لە باکوری شاری هەولێر، بە ئامادە بوونی نوێنەرە باڵاکانی پارتە سیاسیەکانی ناو پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و سەرۆکی حوکمەت و سەرۆک و جێگری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان، لە کۆبوونەوەکەدا بە تێروتەسەلی باس لە بابەتی ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و کێشە چەقبەستووەکانی ناوخۆی هەرێم کرا، هەر لە میانەی کۆبوونەوەکەدا بە تێکرای دەنگ لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن، هەندێ لەو خاڵانەی کە باسی لێوە کراو بڕیاری لەسەردرا بریتی بوو لە پێکهێنانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمی کودستان بەڕێز (مسعود بارزانی)، (بارزانی، ٢٠٢٠، ل٨٠)، ئەنجومەنی باڵا بەرپرس بوو لە ئامادەکاری و ڕێکخستنی سەرجەم کاروبارەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕیفراندۆم لە هەرێم زانیاری گونجاو دەردەکات بۆ بەرێوەچوونی پرۆسەی دەنگدانەکە (بڕگەکانی ٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣، فەرمانی هەرێمی ژمارە ١٠٦، ٢٠١٧). سەرۆکی هەرێم فەرمانی هەرێمی دەرکرد بە ژمارە (١٠٦) لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٦/٨)، لە بڕگە (١)ی فەرمانەکە ئاماژەی داوە، پێویستە لە بەرواری  (٢٠١٧/٩/٢٥) لە هەر سێ شار، وە هەموو بەشەکانی تری هەرێم و ناوچە کوردستانەکانی دەرەوەی کارگێڕی هەرێم ڕیفراندۆمی تێدا ئەنجام بدرێ (بڕگەی٢، فەرمانی هەرێمی ژمارە ١٠٦، ٢٠١٧).

ئەنجومەنی نیشتمانی عێڕاق لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٩/١٢) بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، کە بە پێی ئەو بڕیارە ئەنجام دانی ڕیفراندۆم لە سنووری هەموو کوردستان و دەرەوەی هەرێم و هەموو ناوچە کورستانیەکانی دەرەوەی کارگێڕی هەرێمی ڕەتکردەوە، حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی پابەند کرد بە دانیشتن لەسەر مێزی گفتووگۆ بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشە چەقبەستووەکان بەپێی دەستوور و یاسا جێبەجێ کراوەکان، وە هەوەها حکومەتی عێڕاقی پابەند کرد بە گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی پاراستنی یەک پارچەیی خاکی عێڕاق (بڕیاری پەرلەمانی عێڕاق، ژمارە ٢٢، ٢٠١٧).

لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٩/١٥) پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی ڕێزپەری و بەپەلە کۆبووەوە تایبەت بە بابەتی ڕیفراندۆم و مافی چارەی خۆنووسین، لەو کۆبوونەوەدا بڕیار درا لەسەر ئەوەی پەرلەمانی کوردستان کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن ڕادەسپێردرێت، کە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٩/٢٥) لە هەرێمی کوردستان و سەرجەم ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی کارگێڕی هەرێم پرۆسەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدات، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن سەبارەت بە میکانیزمی یاسایی بۆ بەرێوەبردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم پاڵپشت بە یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو، وە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١٤)، بەم شێوە ڕیفراندۆم میکانیزمی یاسایی بۆ داندرا لەلایەن پەرلەمانی کوردستان (عبدالله،٢٠١٨، ل١٤٠-١٤٢).

لە (٢٠١٧/٩/٢٥) پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئەنجام درا لەهەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی کارگێڕی هەرێمی کوردستان، بە بەشداری ئەو کوردانەی نیشتەجێی وڵاتانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرەوەن، لەو ڕۆژەدا گەلی کورد لە کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتیانە گوزارشتیان لە ڕاو بۆچوونیان دەکرد، جێگیر بوونی خواست و ئارەزووەکانیان سەبارەت بە داهاتوو و بوون و ژیانیان لەسەر خاکی کوردستان، کە ئەمەش مافێکی سروشتی و یاساییە، کە بە پێی بنەما و ڕێچکەی یاسای نێودەوڵەتی و ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان و ناوخۆییەکان بەشێکە لە مافی چارەی خۆنووسین .

## 3. پاڵپشتە یاسایەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی باشوری سودان و هەرێمی کەتەلۆنیا بە بەراورد لەگەڵ هەرێمی کوردستان:

گەلی باشوری سودان و کەتەلۆنیا لە نموونەی ئەو گەلانەن، کەوا چەندین ساڵە لە هەوڵی ئەوەدان بگەن بە سەربەخۆیی، چونکە هەمیشە بڕوایان وابووە ئەوان خاوەن مێژوو و کلتوور و خاکی تایبەت بە خۆیانن و بەشێک نین لەو وواڵتەی، کە پێوەی لکاون و لەژێر دەسەڵاتی ئەو ووڵاتانەی کە فەرمانڕەواییان دەکەن و پێشێلی مافەکانیان دەکەن، بۆیە بەردەوام هەوڵیان داوە و شێوازی جۆراوجۆریان بەکار هێناوە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی.

بەمەبەستی دیاری کردنی پاڵپشتە یاسایەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان- عێراق لە ڕووی پراکتیکەوە هەڵساوین بە دابەش کردنی ئەم باسە بۆ دوو تەوەر لە تەوەری یەکەم باس لە ڕیفراندۆمی باشووری سودان دەکەین بە بەراورد لەگەڵ هەرێمی کوردستان، وە لە تەوەری دووەم باسی ڕیفراندۆمی هەرێمی کەتەلۆنیا دەکەین بە بەراورد لەگەڵ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بە بیانووی نەبوونی دەقێکی ڕاسکاوانەی دەستووری لە دەستوری عێراق لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ڕەت کرایەوە، هەرچەندە بە ڕاشکاوانە لە دیباجەی دەستووردا ئەم پاڵپشتە یاساییە بەدی دەکرا، وە لەبەر ئەوەی ڕیفراندۆمی باشووری سوودانیش لەسەر بنەمایەکی دەستووری ئەنجام درا بۆیە بەراوردی ئەم دوو ڕیفراندۆمە دەخەینە ڕوو، کە لە خوارەوەدا هاتووە:-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3.1 ڕیفراندۆمی باشووری سودان:

دەوڵەتی سودان هەر لە رۆژی دروست بوونیەوە بە حوکمڕانیەتێکی نا سەقامگیریدا تێپەڕیوە و بەردەوام لە هەوڵ دان بوونە لە پێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی نیشتمان بۆ هەمووان. سەرئەنجام ئەو دەوڵەتە چەندین شەڕی ناوخۆی بەخۆوە بینیوە، کە لە ساڵی (١٩٥٥- ١٩٧٢) نزیکەی (١٧) ساڵ لە شەڕی ناوخۆ دابوون (النور، ٢٠١٢، ل٥)، لە ساڵی (١٩٥٨) حزبی ئومە توانی لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی دامەزرینەر سەرکەوتن بە دەست بێنێ، کە دیاری کرابوو بۆ دانانی پرۆژە دەستوورێک، تاوەکو شوێنی دەستووری قۆناغی گواستنەوە بگرێتەوە، ئەم کۆمەڵەیە دوای چەند رۆژێکی کەم لە گفتوگۆ کردن سیستەمی فیدراڵی ڕەت کردەوە، هەرچەندە بە سیستەمێکی گونجاو دانرابوو بۆ ووڵاتی سودان، جەختیان لەسەر ناسنامەی عەرەبی ئیسلامی و زمانی عەرەبی کردەوە وەک زمانی فەرمی لە سودان، ئەمەش وای کرد ئەو (٣) ئەندامەی باشوورەوەک نارەزاییەک لێژنەی دەستووری بەجێبهێڵن و بکشێنەوە لەو کۆمەڵەیە، ئەمەش وای کرد بۆشایی نێوان هەردوو لا زیاتر بێ، بە هەمان شێوە حوکمی سەربازیش پاش کودەتای (١٩٥٨/١١/١٧) مافی باشووریەکانی پشتگوێ خست، پاشان لە شۆڕشی ساڵی (١٩٦٤) حکومەت ناچار کرا دەستووری ساڵی (١٩٥٦) زیندو بکاتەوە، دواتر لە ساڵی (١٩٦٩) کودەتایەکی تر ئەنجام درا و پاش دوو هەفتە حکومەت دانی نا بە جیاوازی مێژوویی و کلتوری نێوان باکوور و باشوور(عادل، ٢٠٢١، ل٧٦).

شەڕی ناوخۆ دوای (١٧) ساڵ ڕاوەستا لە نێوان باکووری و باشووریەکان، دوای واژوو کردنی ڕێککەوتنامەی (ئەدیس ئەبابا) لە ساڵی (١٩٧٢) لە پایتەختی ئەسیوپیا، بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیە حوکمی ئۆتۆنۆمی درا بە هەرێم لە چوارچێوەی سودانێکی یەکگرتوو، واتە خۆبەڕێوەبەری هەرێمی لە ژێر ناوی (ناوچەی باشوور) بە پێی یاسا بە باشوور دەدرێت، بەستنی ئەو ڕێککەوتنامەیە هۆکار بوو بۆ گەڕانەوەی متمانە لەنێوان هاونیشتمانیان و جێگیر بوونی بارودۆخ بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە باکوور، هەروەکو لە مادەی (٨)ی دەستووری ساڵی (١٩٧٣) پرسی خۆبەڕێوەبەری لە هەرێمی باشوور جێگیر کرا (ابو الخير، ٢٠٠٦، ل١٩)، لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی خۆبەڕێوەبەری، کە لە نێوان حکومەت و بزووتنەوەی باشوور لە ساڵی (١٩٧٢) واژوو کرا و بە دەق نووس هاتووە (يقوم نظام للحكم الذاتي الاقليمي فى الاقليم الجنوبي على اساس السودان الموحد وفقا" لقانون الحكم الذاتي الاقليمي للمديريات الجنوبية لسنة ١٩٧٢ والذي يعتبر قانونا" اساسيا" لا يجوز تعديله الا وفقا" للنصوص الواردة فيه).

ئەو بارودۆخە زۆرەی نەخایاند دووبارە شەڕی ناوەخۆ لە ساڵی (١٩٨٣) هەڵگیرسا، لە پاش بڕیاری سەرۆک (نمیری) بە دابەش کردنی هەرێمی باکوور بۆ سەر سێ هەرێم، بە پێی فەرمانی کۆماری ژمارە (١) ساڵی (١٩٨٣)، بە مەبەستی ئاسان کۆنترۆڵ کردنی ئەو ناوچانە، سەرەڕای نارەزایی سەرکردەکانی باشوور، هەرچەندە دابەش کردنی ئەو ناوچەیە بۆ سێ ناوچەی جیاواز پێویستی بە هەموار کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی (١٩٧٢) بوو(هاني، ٢٠٠٢، ل٨٥)، کاتێک بەیانی یەکەمی بزوتنەوەی رزگاریخوازی سودان بەسەرکردایەتی (عقيد جۆن گارانگ) دەرکرا، کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی یاخی بووانی سودان، ئەو بزووتنەوەیە لەلایەن باشووریەکان پێکهاتبوو وەکو ڕزگارکەری هەموو سودان خۆی ناساند لە ساڵی (١٩٨٤) هێرشیان بردە سەر هەردوو پرۆژەی نەوتی شیفرۆن و کەناڵی جونگی، پرۆژەکەیان وەستاند و شەڕی ناوخۆش زیاتر پەرەی سەند تاوەکو حکومەتی سودان سوود لە نەوتی باشوور وەرنەگرێت (Redie, p10).

شەڕی ناوخۆ بەردەوام بوو لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٠و ١٩٩٠)، لە نێوان حکومەتی سودان و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی سودان و شۆرشگێرانی تر، کە سور بوون لەسەر بابەتی سەربەخۆیی باشووری سودان.(Aleksander, 2011, p507).

دوای چەندین ساڵ و دەستپێشخەری وولاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەردوو لایەنی ناکۆک لە تەمموزی ساڵی (٢٠٠١) واژوویان لەسەر پروتوکۆڵی ( ماشاکۆس) کرد بەپێی ئەو پرۆتۆکۆڵە لایەنەکان ڕێککەوتن لەسەر دوو بنەمای سەرەکی، یەکەمیان مافی چارەی خۆنووسین بۆ باشوور، وە دووەمیشیان پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هەرێم ( هەرێمی باشوور)، کە مافی چارەی خۆنووسینی بە باشووری سودان بەخشی بە یەکێتی یا جیابوونەوە (پشتیوان، ٢٠١٣، ل٥١)، حوکمە سەرەکیەکانی ڕێککەوتننامەکە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە نێو دەستووری کۆماری سودان بۆ ساڵی (٢٠٠٥) دوای شەش مانگ لە مۆر کردنی ڕێککەوتنامەکە دەرچوو، ڕێککەوتنامەکە ئاماژەی بەوە دابوو پێویستە دەقەکانی بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بنوسرێتەوە، لە کاتی بوونی ناڕوونی دەقە یاساییەکان دەگەڕێنەوە سەر زمانی ئینگلیزی (عبدالله، ٢٠١٨، ل٢٣٤).

دەستووری ساڵی (٢٠٠٥) قۆناغی ڕاگوزەری کۆماری سودان لە دەرئەنجامی ڕێککەوتنامەی ئاشتی گشتگری نێوان حکومەتی سودان و باشووری سودان هاتە کایەوە، کە بووە هۆی ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ (عبدالله، ٢٠١٧، ل٢٤٣)..

لەبەر گرنگی مافی چارەی خۆنووسین دەستووری کۆماری سودانی فیدراڵ بۆ قۆناغی ڕاگوزەری بۆ ساڵی (٢٠٠٥)، بەشێکی تایبەت کردووە بە مافی چارەی خۆنووسین، ئەویش لە دەروازەی (١٦) ئاماژەی پێ داوە بە ناونیشانی مافی چارەی خۆنووسینی باشووری سودان هاتووە، ئەو دەستوورە مافی داوە بە هاوڵاتیانی باشووری سودان لە ڕێگای ئەنجام دانی ریفراندۆم بۆ دیاری کردنی کردنی مافی چارەنووسیان، هەروەکو لە ماددەی (٢١٩)ی ساڵی (٢٠٠٥) بە دەق نووس هاتووە (اقرار حق تقرير المصير المواطني جنوب سودان، يكوم لمواطني جنوب السودان الحق فى تقرير المصير من خلال الاستفتاء لتحديد وضعم المستقبلي)، پێویستە هاوڵاتیانی باشووری سودان لە ڕێگای ئەنجام دانی ریفراندۆمەوە بڕیار لە داهاتوو و چارەنووسی خۆیان بدەن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لەو مادەیە تەنها باس لە مافی گەلی باشوور دەکات، باس لە مافی هەموو ویلایەتەکان ناکات، سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتێکی فیدرڕاڵیە، هەروەها باس لە بابەتی چۆنیەتی ڕێکارەکانی ئەنجام دانی ریفراندۆمی کردووە (دەستووری سودان ٢٠٠٥).

بە پێی دەستوور پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام دەدرێ لە لایەن کۆمسیۆنی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری سودان لەسەر بنەمای پشت بەستن بە یاسای ریفراندۆمی باشووری سودان ، کە دەردەچێ لەلایەن دەستەی یاسادانانی نیشتمانی، سنوریان داناوە بۆ ئەو یاسایە، ئەویش لە سەرەتای ساڵی سێیەمە بۆ قۆناغی گواستنەوە (الفترة الانتقالية) ، هەروەکو لە مادده (٢٢٠) لە خاڵی (١)دا هاتووە (دەستووری سودان ٢٠٠٥).

گەلی باشووری سودان دوو هەڵبژاردەیان لە پێش بوو یەکەم هەڵبژاردە مانەوەی باشووری سودان وەکو بەشێک لە سودان، وە هەڵبژاردەی دووەمیش بریتی بوو لە جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، هەروەک لە برگەی (١) ماددەی (٢)ی دەستووری سودان بۆ ساڵی (٢٠٠٥) هاتووە پێش (٦) مانگ لە کۆتایی هاتنی قۆناغی گواستنەوە ریفراندۆم ئەنجام بدرێت بەسەرپەرشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کە لەلایەن کۆمسیۆنی ریفراندۆمی باشوورەوە ڕێک دەخرێت بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی نیشتمانی و حکومەتی سودان، هەروەها لە هەمان مادەدا لە برگەی (٢)دا هاتووە (هاوڵاتیانی باشووری سودان دەنگ دەدەن بۆ:

- جەخت کردنەوە لەسەر یەک پارچەییووڵاتی سودان بە دەنگدان بە بەردەوام بوونی ئەو سیستەمەی فەرمانڕەوایەتیەی، کە لە ڕێککەوتنامەی ئاشتی و دەستووردا هاتووە.

- جیابوونەوە هەڵدەبژێرن (جامباز، ٢٠٠٥، ل١٥).

لە کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٩) پەرلەمانی سودان یاسایەکی دەرکرد بۆ رێکخستنی ریفراندۆم، ئەو یاسایە لە (٨) تەوەر پێکهاتبوو، کە تیایدا باس لە کات و مەرجەکان و رێکارەکانی ئەنجام دانی ریفراندۆم دەکات، بە بەپێی بەندەکانی رێککەوتنامەی ئاشتی فراوان (السلام الشامل)، لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١١)، گەلی باشووری سودان بەشداری ریفراندۆمیان کرد بۆ دیاری کردنی چارەنووسیان، زۆرینەی گەل دەنگیان بۆ جیابوونەوەی ئاشتیانە دا، کە رێژەکەی نزیکەی (٩٧,٥٧%) بوو، کە گوزارشت لە سەربەخۆیی سەروەری باشووری سوودانی دەکرد (نامە، ژمارە ٤١٨، ٢٠١١).

بە پشت بەستن بە ئەنجامی ریفراندۆم، کە لەکاتی خۆی پرۆسەکە ئەنجام درا لە رۆژی شەممە رێکەوتی (٢٠١١/٧/٩)، بە شێوەیەکی فەرمی تیایدا دوای تێپەربوونی ماوەی دیاری کراو، کە (٦) مانگە سەربەخۆیی دەوڵەتی باشووری سودان لە سودان راگەیەنرا لە بەردەم دەیەها سەرۆک وولات و کەسایەتی نێودەوڵەتی دیار، لە هەمان ساڵ کۆماری سودان داوای کرد بچێتە پاڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی نامەیەک، کە لە (٢٠١١/٧/٩)، لەلایەن سەرۆک کۆماری باشووری سودان بە ناوی (سلفا کیر میاردیت)، کە لە ئەنجام بووە ئەندامی رێکخراوی نێودەوڵەتی.

**لە ئەنجامی بەراورد کردنی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ریفراندۆمی باشووری سودان خاڵە لێکچوو و جیاکەرەوەکانی ئەم دوو ریفراندۆمە دەخەینە روو، وەک لە خوارەوە هاتووە:-**

- هەردوو ناوچە لەرووی سامانی سروشتیەوە دەوڵەمەندن، ئەوەش وای کردووە، کە هەردوو لا پشت بە خاک و سامانی سروشتی خۆیان ببەستن.
- هەردوو گەلی باشووری سودان و هەرێمی کوردستان خاوەن مێژوو و کلتور و ناسنامەی تایبەت بە خۆیانن، کە بە تەواوی جیایان دەکاتەوە لەو گەلەی کە پێوەی لکێندراون لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاری کراو.
- ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان ریفراندۆمێکی تاک لایەنە بوو رەزامەندی حکومەتی عێراقی لەگەڵ نەبوولەبەر نەبوونی دەقێکی راشکاوانەی دەستووری لە دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، کە رێگە بە ئەنجامدانی ریفراندۆم بدات هە ، بە پێچەوانەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سودان، کە لەسەر بنەمای یاسایی دەستووری ئەنجام درا بوو.

- ڕیفراندۆمی باشووری سودان لە ژێر چاودێری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەنجام درا، بەڵام ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ژێر فشارێکی زۆری وولاَتانی هەرێمی و جیهانی بوو، کە جەختیان لەسەر ئەنجام نەدانی ئەم پرۆسەیە دەکرد، هیچ پاڵپشتیەک بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نەبوو لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، وە لە ئەنجامی فشاری حکومەتی بەغدا و وولاَتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، حکومەتی بەغدا ئەنجامی ڕیفراندۆمی سڕ کرد، بۆیە دوای مانگێک لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای دانووستانی لە حکومەتی ناوەندی کرد و بە شێوەیەکی لاواز تر لە پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم گەڕایەوە سەر مێزی دانیشتن بۆ گفتووگۆ.
- سەرکردایەتی باشووری سودان لەسەر پرسی ڕیفراندۆم هاوڕا بوون، بۆیە سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند لە ساڵی (٢٠١١)، بوون بە خاوەن وولاَتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری، بە پێچەوانەی سەرکردایەتی کورد، کە لە سەرەتادا هاورابوون، بەڵام دوایی چەند پارتێکی سیاسی کوردی پاشگەز بوونەوە لە بڕیاری سیاسی گەلی کورد پاڵپشتی لایەنەکانیان نەکرد، سەرکردایەتی کورد دابەش بوو بەر لەوەی بگات بە ئامانجی سەربەخۆیی.

### 3.2 ڕیفراندۆمی هەرێمی کەتەلۆنیا:

لە کۆتایی دەسەڵاتی هەرێمی کەتەلۆنیا خواستی خۆبەڕێوەبەری هەبوو، تاوەکو ساڵی (١٩٩٠) ئەم خواستە بەردەوام بووهیچ ئەندام پەرلەمانێک نەبوو بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە باس لە جیابوونەوەی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا بکا، لە ساڵی (١٩٩١) حزبەکانی کەتەلۆنیا لە هەڵبژاردنی هەرێمەکان تەنانەت (١٠%) دەنگیان بۆ جیابوونەوەی هەرێمەکان نەدا، بۆیە دەکرێت بووترێت لە کۆتایی سەدەی بیستەم هیچ جموجۆڵێکی سیاسی بەهێز نەبوو، کەوا داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی هەرێمی کەتەلۆنیا لە دەوڵەتی ئیسپانیا بکات، سەرەڕای ئەوەش حزبی گەلی ئیسپانیا لە ساڵی (١٩٩٦-٢٠٠٤) جەختی لەسەر یەکێتی خاکی ئیسپانیا دەکردەوە و هەوڵی پێشخستنی فۆرمی نیشتمانی ئیسپانیای دەدا (فەرهاد، ٢٠١٧، Kurdistanc).

هەرێمی کەتەلۆنیا لە ساڵی (٢٠٠٥- ٢٠١٤) لەلایەن هاوپەیمانی نەتەوە پەرستی و پارێزگارەکانەوە بەڕێوە دەبردرا، پاشان دەسەڵات کەوتە دەست چەپەکان و دەستیان کرد بە فراوان کردنی مەودای پەیڕەو کردنی ئۆتۆنۆمی، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) حکومەتی ئیسپانیا ئەو دەسەڵاتانەی لە کەتەلۆنیا وەرگرتەوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش بووە هۆی جولاندنی هەستی نەتەوایەتی بزووتنەوە ڕزگاری خوازەکان و شۆڕشگێڕەکان، بەم شێوەیە خواستی جیابوونەوە و سەربەخۆیی دووبارە گەڕایەوە سەر شانۆی نەتەوە پەرستەکان، دوای ئەوەی لە ساڵی (٢٠١٠) دادگای دەستووری ئیسپانیا بڕیاری هەڵوەشانەوەی بەشێک لە یاسای خۆبەڕێوەبەری نوێی دەرکرد، کە هاوڵاتیانی کەتەلۆنیا لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٦) لە ڕاپرسییەکی جەماوەری دەنگیان بۆ دابوو، لە پێناو بەرژەوەندی فراوان کردنی خۆبەڕێوەبەری هەرێمەکان لە بواری ئابووری، ئەمەش بووە هۆی جێگای نارەزایی گەلی کەتەلۆنیا، چونکە لە کۆتاییدا هەر گەل خاوەن بڕیارە نەک دەسەڵاتداران، ئەوەش لە کاتێکدا گەلی ئیسپانیا بە هیچ جۆرێک دان نانێت بە گەلی کەتەلۆنیا وەک نەتەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ لە گەلی ئیسپانیا (عادل، ٢٠٢١، ل١٠٥)، چونکە کەتەلۆنیا یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ئیسپانیا لە پاش مەدرید، بەڵام تەحەکوم بەباجی خۆی ناکات، بەڵکو داهاتی باجەکەی بۆ حکومەتی ناوەندی دەگەڕێتەوە، داهاتی ئەو هەرێمەش زیاتر (٢٠%) لە کۆی گشتی داهاتە ناوخۆییەکانی ئیسپانیا پێکدەهێنێ، ئەگەر کەتەلۆنیا بەتەنها دەستی بەسەردا بگرێت دەکاتە (٣٥%)ی ئەو وەبەرهێنانە بیانیەی دێتە ناو ئیسپانیا، هەر بۆیە بە بڕبڕەی پشتی ئابوری ئیسپانیا هەژمار دەکرێت، ئەمەش وای کردووە ببێتە هۆکاری ڕێگری لە هەرێمەکانی تریش بۆ جیابونەوەی دژی هەموو هەوڵێکی جیاخوازیە لە کەتەلۆنیا، تەنانەت ئیسپانیا ئامادەیە بجەنگێ لەگەڵ کەتەلۆنیا و ڕێگر بێت لە جیابوونەوەی تاوەکو ئەو کاتەی ڕێگای پێ دەدا (العقيقي، ٢٠١٧، alaraby).

لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان و کەتەلۆنیا دوو هەرێمن سەر بە دەوڵەتێکی فیدراڵین، وە لە ڕووی کاتەوەش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەردوو هەرێمدا لە یەکتر نزیک بوو، بۆیە وا پێویست دەکات ئەو بەشەی پەیوەستە بە توێژینەوەکەمان لە بوار ڕیفراندۆمی هەرێمی کەتەلۆنیا زۆر بە کورتی بخەینە ڕوو.

لە ساڵی (٢٠١٤) حکومەتی کەتەلۆنیا بڕیاری دەرکردنی ڕیفراندۆمی دا، لە بەرامبەردا دادگای دەستووری ڕێکارەکانی ئەو ڕیفراندۆمەی وەستاند، بەڵام حکومەتی کەتەلۆنیا شێوازی بڕیاری ڕاگەیاندنەی گۆڕی بۆ ڕیفراندۆمێکی نافەرمی، پاشان حزبە سیاسیەکانی کەتەلۆنیا هەوڵیاندا لە ڕێگەی دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ بگەنە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی مەدرید، بۆ دیاری کردنی پێگەی دەستووری کەتەلۆنیا و جیابوونەوەی لە ڕێگەی ئەنجام دانی ڕیفراندۆم، بەڵام هەوڵەکەیان سەری نەگرت و نەگەیشتنە هیچ دەریەنجامێک، بۆیە دواتر بیریان لە ڕێگە چارەی تر کردەوە و هەوڵیاندا بنەمای یاسایی ببینەوە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسەکەیان، لە سەرەتادا پێشنیاریان کرد بەشێک لە دەسەڵاتی حکومەتی ئیسپانیا بگوازنەوە بۆ هەرێمی کەتەلۆنیا بەمەبەستی رێکخستنی کاروباری ریفراندۆم، لەسەر ئەو بنەمایە پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کەتەلۆنیا لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٤) پێشنیارێکی دا حکومەتی ناوەندی لەسەر بنەمای مادەی (١٥٠) برگەی دووەم، بزووتنەوە کەتەلۆنیەکان جەختیان لەسەر ئەوەش کردەوە، کە دەکرێت لە ڕووی تەکنیکیەوە بانگەشە کردن بۆ ریفراندۆم بە گوێرەی مادەی (٣٢-١-١٤٩)ی دەستوور بکرێت، هەرێمی ناوەندی ڕاسپێرێت بە ئەنجام دانی ریفراندۆم (خامۆش، ٢٠١٨، ل٣٥٧)، بەڵام پەرلەمانی ئیسپانیا زۆر بە توندی ئەو پێشنیارەی ڕەت کردەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی، کە ئەو جۆرە ریفراندۆمە ئەنجامەکەی نایاساییە و دەستووری نیە، چونکە پێویستە گەلی ئیسپانیا هەموو بەشدار بن لەو ریفراندۆمە، نەک تەنها کەتەلۆنیەکان ، وە لە دەرئەنجام (٨٠%) دەنگدەر دەنگیان بۆ بەرژەوەندی جیابوونەوە دا، کەچی ئیسپانیا ڕازی نەبوو بەو دەرئەنجامە و ڕەتی کردەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە هیچ کاریگەریەکی یاسایی نیە، بەڵکو تەنها سیفەتێکی یاسایی هەیە، بۆیە سەرۆکی کەتەلۆنیا ریفراندۆمەکەی هەڵوەشاندەوە، لە بەرامبەر ئەوە پرۆسەی هاوبەشی بەرێوە برد، کەوا پارێزگاری لە سیستەمی هەرێمی کەتەلۆنیا دەکات (گەیلانی،٢٠٢١، ل١٢٨).

ئەو بارودۆجە بەردەوام بوو لە نێوان گەلی کەتەلۆنیا و حکومەتی ئیسپانیا، تا ئەو کاتەی پەرلەمانی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠١٦/١٠/٦) بە زۆرینەی (٧٢) دەنگ لە کۆی (١٣٥) دەنگ، ڕەزامەندی لەسەر ئەنجامدانی رێفراندۆم دا، کە لە ئەیلولی (٢٠١٧) تێپەڕ نەبێت، پەرلەمان پێشنیاری یاسای سەرۆکی هەرێمی کەتەلۆنیای (کارلیس بويغديمون) پەسەند کرد لە ژێر ناونیشانی (نەخشە رێگای سەربەخۆ بوون لە ئیسپانیا)، (استفتاء كتالونيا،Aljazeera).

پاش بڕیاری پەرلەمان حکومەتی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ساڵی (٢٠١٧) پرۆسەی ریفراندۆمی ئەنجام دا، ئەمەش بووە هۆی جێگەی نیگەرانی و نارەزایی دادگای باڵای دەستوو، کە لە دوای دوو ڕۆژ لە ئەنجامدانی رێفراندۆمی سەربەخۆیی لە کەتەلۆنیا لە رێگەی داوایەک ئەنجامی ریفراندۆمی هەڵوەشاندەوە، بەبیانووی ئەوەی دەسەڵاتی ئیسپانیا بەردەوام جەختی کردۆتەوە لەوەی کەوا ناکرێت گەلی کەتەلۆنیا ریفراندۆمی سەربەخۆیی بۆ جیابوونەوە لە حکومەتی ناوەند ئەنجام بدا، هەر هەوڵدانێکی جیابوونەوەی توندرەویش بە پێشێلکاری دەستوور و دژ بە بنەما و بریارەکانی یاسای نێودەوڵەتیی هەژمار دەکرێت، هەروەها کۆمەڵێک رێکاری تری گرتەبەر بەرامبەر کەتەلۆنیەکان بە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامانجی هەڵوەشانەوەی ئەنجامی ریفراندۆمی سەربەخۆیی، لەوانە دادگای باڵای حکومەتی ناوەندی سزای (١٣) ساڵ زیندانی سەپاند بەسەر (١٢) کەسی رێکخەری ریفراندۆم ، وە دەست بەسەر داگرتنی سندوقی دەنگدان و هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی کەتەلۆنیا، سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کەتەلۆنیا تاک لایەنە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند  لە رێکەوتی (٢٠١٧/١٠/١٠)، بەبێ ڕەزامەندی و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ئیسپانیا (بن يحيى، ٢٠١٨. ل٤٤).

هەڵسەنگاندنی داواکاری دەستووری ئیسپانیا بۆ بڕیاری جیابوونەوەی لە کەتەلۆنیا، دادگا دووپاتی ئەوەی کردەوە کە کەتەلۆنیا بۆی نیە تاک لایەنە بڕیاری جیابوونەوە لە ئیسپانیا بدات، بەڵکو بڕیاری جیابوونەوە خاوەندارێتەکەی بۆ سەرجەم گەلانی ئیسپانی دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوە جیابوونەوە بە سەروەری ئیسپانیا لە ژێر ڕۆشنایی بڕیاری دادگا سەرۆکی کەتەلۆنیا یەکلایەنە بڕیاری هەڵوەشانەوەی ڕاپرسیەکەی داو بە (پرۆسەی کاری هاوبەش) ناساندی لەژێر پاراستنی هێزی نیزامی کەتەلۆنی مایەوە بە پاڵپشت بە ماددەی (١٢٢) لە یاسای بنەڕەتی کەتەلۆنیا بۆ ئەنجامدانی پرسی ریفراندۆم (یاسای بنەڕەتی کەتەلۆنیا، ٢٠٠٦).

بەهۆی ئەوەوە جێگری داواکاری گشتی دەوڵەت داوایەکی یاسایی دژی هەریەک لە سەرۆکی پێشووی هەرێمی کەتەلۆنیا (کارلس پیگدیمۆنت) و جێگری سەرۆک (ئۆریۆل پەنکێراس) و (١٢) وەزیر و سەرۆکی پەرلەمانی کەتەلۆنیا (کارمێ فورجادل) و (٥) ئەندامی دامەزراوەی دیوانی هەرێمەکە بە تۆمەتی ئەنجامدانی هەریەک لە تاوانەکانی (دژایەتی کردنی دەوڵەت و شۆڕش و خراپ بەکارهێنانی موڵک و ماڵی گشتی واتە بە تاوانی یاخی بوون و لادان لە یاسای خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە داراییەکان) بەرز کردوەوە، لە لایەن دوو دادگاوە پەسەند کرا (محمد. www.aa.com٢٠١٧).

کۆمەڵێک هۆکار و بەربەست بوونیان هەیە لەبەردەم سەربەخۆیی کەتەلۆنیا، هەندێکیان پەیوەندیان بە پرسی یاساییەوە هەیە، وە هەندێکی تریشیان پەیوەندیان بە پرسی پەیوەندی نێودەوڵەتی و پەیوەندی هەرێمییەوە هەیە، وە هەروەها بەشێکی تریشیان پەیوەستن بە هۆکاری ئابووری و ئایندەی سیاسی ئیسپانیا، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١.بەربەستی دەستووری: یەکێکە لە بەربەستەکانی بەردەم سەربەخۆیی کەتەلۆنیا بریتییە لە نەبوونی ڕێگا چارەیەک یان دەروازەیەکی دەستووری بەرەو سەربەخۆیی، بە پێچەوانەی ماددەی (١٥٥) لە دەستووری ئیسپانیا بۆ خۆی بووە بە کێشەیەکی بنەڕەتی و بەربەست لەبەردەم کەتەلۆنیا ، ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ماددەیە جەخت دەکاتەوە (کەوا هەرێمە ئۆتۆنۆمیەکان ئەگەر هاتوو کارێک بکەن بە پێچەوانەی دەستوور یان مەترسی بێت بۆ سەر ئیسپانیا، ئەوا حکومەت دەتوانێت هەموو دەسەڵاتەکانی ڕا بگرێت، پاش ئەوەی زۆرینەی ئەنجومەنی پیران ڕەزامەندی لەسەر کارا کردنی ئەم ماددەیە دەدا)، (دەستووری ئیسپانیا. ٢٠١١).

٢. دەسەڵاتی دادوەری: بەکۆی دەنگی هەر حەوت ئەندامەکەی دادگای باڵای ئیسپانیا، بڕیار لەسەر سزادانی ١٢ سەرکردەی کەتەلۆنی درا بە زیندانی کردنیان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بە تۆمەتی هاندان و بەهەدەردانی سامانی گشتی، ئەگەر تاوانی یاخی بونیان بدرێتە پاڵ سزاکەیان توندتر دەبێت، (٢٠١٩، almadenahnews)، وە هەروەها دادگای دەستووری ئیسپانیاش یەکێکە لەو دادگایانەیە کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە یەکلاکردنەوەی پرسی کەتەلۆنیا.

٣.بەربەستی ئابووری: لە ئەگەری جیابوونەوەی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا ، دەسەڵاتی ناوەند سەرچاوەیەکی گرنگی باج و داهات لە دەست دەدات، چونکە کەتەلۆنیا ناوەندیکی گەورەی ئابووری جیهانە، بە سەربەخۆ بوونی هەریمی کەتەلۆنیا ئیسپانیا نزیکەی (١٩%)ی کۆی گشتی داهاتی نیشتمانی لە دەست دەدات، لە هەمان کاتدا نزیکەی (٢٠%)ی هەناردەی کەل و پەلە دروست کراوەکانی ناوخۆی هەرێم لەدەست دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا کەتەلۆنیا (٧٠%)ی جموجۆڵی گواستنەوەو گەیاندنی تایبەت بە بازرگانی دەرەکی بۆ ئیسپانیا مامەڵە دەکات، ئەمەش وا دەکات لە ئەگەری سەبەخۆیی کەتەلۆنیا تێچووی گواستنەوەی کەل و پەلی ئیسپانیا لە بنەڕەتدا زیانی بەرکەوێت(عادل، ٢٠٢١، ل١٢٦).

٤.پارچە پارچە بوونی ئیسپانیا: لە ئەگەری جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا، پێشبینی دەکریت، کەوا زۆرێک لە هەرێمەکان داوای جیابوونەوە لە ئیسپانیا بکەن بەتایبەت ناسیۆنالیستەکان لە هەرێمی ینادۆن داوای جیابوونەوە و چوونە پاڵ کەتەلۆنیا بکەن، ئەمەش وای کردووە حکومەتی ئیسپانیا ترسێکی زۆریان هەبێت لە جیابوونەوەی هەرێمی کەتەلۆنیا (عادل، ٢٠٢١، ل١٢٧)..

٥.نەبوونی پاڵپشتی هەرێمی و نێودەوڵەتی:هەرچەندە هەرێمی کەتەلۆنیا دەکەوێتە نێو کیشوەری ئەوروپا، کە هەمیشە خۆیان بە پێشەنگ دادەنین لە ڕووی مافی مرۆڤ و بەهاکانی دیموکراسی، بەڵام هەموو دامەزراوەکانی ئەوروپا ئامادە نەبوون پاڵپشتی گەلی کەتەلۆنیا بکەن لە پرسی ڕیفراندۆم و جیابوونەوە، بەڵکو پاڵپشتی حکومەتی ئیسپانیا بوون (لهۆن، ٢٠١٧، rudaw)، هەروەها ووڵاتانی خاوەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڕیاری ئەوروپا لەوانە بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، پاڵپشتی خۆیان بۆ یەک پارچەیی ئیسپانیا دەربڕی، وە هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هیچ وولاتێک پاڵپشت نەبوو بۆ پرسی هەرێمی کەتەلۆنیا، بەڵکو پشتگیری خۆیان بۆ یەکپارچەیی خاکی ئیسپانیا دەربڕیوە وەک ئەمریکا (الريماوی، ٢٠١٧، almajid).

**لە ئەنجامی بەراورد کردنی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕیفراندۆمی هەرێمی کەتەلۆنیا خاڵە لێکچوو و جیاکەرەوەکانی ئەم دوو ڕیفراندۆمە دەخەینە روو، وەک لە خوارەوە هاتووە:-**

**یەکەم/ خاڵە لێکچووەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و هەرێمی کەتەلۆنیا**

- گەلی کوردستان و کەتەلۆنیا خاوەن زمان و کلتوور و مێژوو و خاکی تایبەت بە خۆیانن، لەگەڵ ئەوەش هیچ پەیوەندیەکی هاوبەش پێکەوەیان نابەستێتەوە، لە ڕووی مێژوو و کلتور وزمان و ئایین، تەنها ئەو دوو گەلە لە چوارچێوەی ئەو وولاتەی تیایدا ژیاون ڕووبەڕووی زوڵم و ستەم و زۆرداری بونەتەوە.
- ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و کەتەلۆنیا هیچ بنەمایەکی راشکاوی دەستووری نەبوو، واتە ڕەزامەندی حکومەتی ئیسپانیا و حکومەتی عێراق وەرنەگیراوە تاک لایەنە بوو.
- هەردوو حکومەتی ئیسپانیا و حکومەتی عێراق ئەنجامی ڕیفراندۆمیان ڕەت کردەوە، بە بیانووی ئەوەی لەسەر بنەمای یاسایی و دەستووری ئەنجام نەدراوە، وە دەبێ سەروەری و یەک پارچەیی خاک بپارێزرێت.
- هەردوو ڕیفراندۆم دەکرێت لە هەر قۆناغێکدا زیندوو بکرێنەوە و کاری پێ بکرێت.
- ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و کەتەلۆنیا لە ڕووی ئەنجام دانی کاتەوە نەگونجاو بوو، چونکە لەو کاتەدا، نەیانتوانی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بە دەست بێنن.
- هەردوو ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و کەتەلۆنیا هەمان کاردانەوەیان هەبوو، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، وە چ لەسەر ئاستی ڕێخکراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو تەکیدیان لەسەر یەک پارچەیی خاک دەکردەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم// خاڵە جیاکەرەوەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و کەتەلۆنیا:**

- لە ڕووی کاردانەوەی حکومەتی ناوەندی لە عێراق و ئیسپانیا سەبارەت بە ئەنجام دانی ڕیفراندۆم جیاواز بوون، حکومەتی ناوەندی عێراق وەک کاردانەوەیەک دژ بە ئەنجام دانی ڕیفراندۆم چەند بڕیارێکی دەرهەق بە گەلی کورد دەرکرد لەوانە: بڕیاری بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ گرتنی چەندین ناوچەی کوردی، کە نزیکەی (٢٠٠) هەزار خەڵک بەهۆی هێرشی سەربازی حکومەتی بەغدا ئاوارە بوون لە ماڵ و شاری خۆیان، وە جگە لەوە بڕیاری داخستنی فرۆکەخانەکانی کوردستانی دا بەمەبەستی قەدەغە کردنی گەشتی ئاسمانی، وە داخستنی خاڵە سنووریەکان، هەروەها بڕیاری قەدەغە کردنی بازرگانی دا لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم، لە کاتێکدا حکومەتی ئیسپانیا هێزی سەربازی بەکار نەهێنا دژ بە گەلی کەتەلۆنیا، بەڵکو تەنها پەرلەمانی کەتەلۆنیا و ئۆتۆنۆمی هەرێمەکەی هەڵوەشاندەوە و بڕیاری هەڵبژاردنی دا، چونکە دەستوور ئەو دەسەڵاتەی پێ داوە.
- ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیانی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ڕاپرسیەکەی (١/ئۆکتۆبەری/٢٠١٧) گەیشتە (%٤٢،٣٤) دەنگدەر، لەوانە (%٩١،٩٦) بە بەڵی دەنگیان دا، (%٨،٤) بە نەخێر، بەڵام ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسییەکەی (٢٠١٧/٩/٢٥) گەیشتە (%٧٢،١٦٥) دەنگدەر، کە تیایدا (%٩٢،٧٣) بە بەڵی دەنگیان دا، (%٧،٢٧) بە نەخێر .
- حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای مانگێک پاڵپشت بە بڕیاری دادگای باڵای عێراقی دەرئەنجامی ڕیفراندۆمی سڕ کرد و داوای دانووستانی لە حکومەتی ناوەندی کرد، بە پێچەوانەی هەرێمی کەتەلۆنیا دوای چەند هەفتەیەک لە ئەنجام دانی ڕیفراندۆم پەرلەمانی کەتەلۆنیا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند.
- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر بایەخ بە پرسی گەلی کورد درا، بەوەی کە چەندین پێشنیارو ڕێگە چارە خرایە بەردەم سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەگەر ڕیفراندۆم ئەنجام نەدەن، بەڵام بۆ پرسی کەتەلۆنیا هیچ شتێکی لەو جۆرە نەخرایە ڕوو.
- نزمی ئاستی ڕێژەی بەشدار بووانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کەتەلۆنیا، کە ڕێژەکەی (%٥٧,٦٦)و وای کرد، لە حکومەتی مەدرید بانگەشەی ئەوە بکات، کە ڕێژەیەکی کەم لە گەلی کەتەلۆنیا بەشدار بوونە و لەگەڵ سەربەخۆیی هەرێمەکەیانن، دوای نزیکەی هەفتەیەک لە ئەنجام دانی ڕیفراندۆم

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەن کەتەلانیەکان، سەدان هەزار هاوڵاتی لە شاری بەرسلۆنە ڕژانە سەر شەقامەکان و داوای یەک پارچەیی خاکی ئیسپانیایان دەکرد، بە بەرز کردنەوەی هوتافی (گەڕانەوەی یەکگرتووی)، بە پێچەوانەی هەرێمی کوردستان هیچ جۆرە ناڕەزاییەکی جەماوەری لەو شێوەیە بوونی نەبوو، زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە بەڵێ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، وە حکومەتی ناوەندی هیچ لێدوانێکی نەدا لەسەر ئەندازە و ڕا و بۆچوونی خەڵکی کوردستان، جگە لە ڕەت کردنەوە و نا دەستووری ناساندنی پرۆسەکە (عادل، ٢٠٢١، ل١٥٨).

- هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێگەی جوگرافیەوە کەوتۆتە نێوان چەندین ووڵات، کە بە هیچ شێوەیەک بڕوایان بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ نیە، بە پێچەوانەی هەرێمی کەتەلۆنیا دەور دراوە بە چەندین ووڵات، کە خۆیان بە خاوەن دیموکراسی و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ لە جیهان دادەنێن، کەچی ڕێگە بە گەلێکی خاوەن کلتوور و زمان و خاکێکی تایبەت بەخۆیان نادەن، ئازادانە گوزارشت لە ڕاو بۆچوونی خۆیان بکەن بۆ بە دیاری کردنی مافی چارەنووسازی خۆیان، چونکە بەرژەوەندی و سەقامگیری ئەوان دەخاتە مەترسییەوە.

# 4. کۆتایی

## 4.1 دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا (ڕەوایەتی ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان)، توێژەر گەیشتە چەند دەرئەنجامێک و پێشنیارێک، کە گرنگترینیان بریتییە لەمانەی خوارەوە:

- بوونی دەرفەتی زێرین لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ بۆ دیاری کردنی ڕێکاری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و جێگیر کردنی لە دەستوور، بەڵام نەتوانراوە ئەم دەرفەتە بە دەست بهێندرێت وەک باشووری سودان.
- نەخوێندنەوەی دروستی هەڵومەرجی نێودەولەتی ڕەچاو نەکردنی بەرژەوەندی ووڵاتە زلهێزەکانی جیهان کە پێگەیان هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.
- ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان پێچەوانەی دەستوور نەبوو، دیباجەی دەستوری عێراق ئەو مافەی بە گەلەکەمان داوە بە ڕوونی هاتووە کە **(پابەند بوون بەو دەستوورە پارێزگاری لە یەکگرتنە ئارەزوومەندانەکەی عێراق دەکات بە گەل و سەرزەمین و سەرووەریەکەیەوە)**، بە واتای پابەند نەبوون بە دەستوورەکە یا پێشێل کردنی دەستوور دەبێتە پاساوێکی دەستووری بۆ

ئەو لایەنانەی، کە مافەکانیان پێشیل کراوە و زەرەرمەند بوونە بۆ داوا کردنی هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتنەکە.

- ریفراندۆم مافی ڕەوا و یاسایی گەلە، نەک بڕیاری دامەزراوەیەک، یان بڕیارێکی سیاسی، ریفراندۆم بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ تانەی لێ بدرێ، تەنانەت ئەگەر بوترێ لە دەستوریش دا ئاماژەی پی نەدراوە، چونکە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان پاڵپشتی کراوە هەموو گەلێک مافی دیاریکردنی چارەنوسی هەیە لە رێگەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە.
- سەرەڕای رەوایەتی هەموو گەلێک بۆ دیاریکردنی مافی چارەنوسی لە رێگەی ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەڵام ئەنجامدانی ریفراندۆم دولایەنەیە، ئەگەر ڕیفراندۆم پاڵپشتی دەستووری هەبێت یان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی لایەنەکان بێت یان لە ژێر چاودێری جڤاتی نێودەوڵەتی بێت ئەو کاتە بە باشترین ئامراز دادەنرێت بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین ، بەڵام بە پێچەوانەوە دەکرێت توندو تیژی سیاسی و ناسەقامگیری، تەنانەت شەڕی ناوخۆشی لێ بکەوێتەوە.

لەو چوارچێوەیەدا ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان سەرەڕای نەبوونی ڕێککەوتنی دوو لایەنە، بەڵام پاڵپشتی دەستوری، یاسایی و چەندین پاساوی تری ڕەوای هەبوو بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە پێی دەستوری هەمیشەیی عیراق و یاسای نیودەوڵەتی.

- ئەنجامی ریفراندۆمی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بەڵگەیەکی بەهێزی یاساییە بۆ رەوایەتی گەلی کورد بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ، لەرووی یاساییەوە گەلی کورد جارێکی تر پێویست ناکات پەنا بەرێتەوە بەر دووبارە ئەنجامدانەوەی ریفراندۆم بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت زۆرینەی گەلی کورد پاڵپشتی سەربەخۆییە، هەرکاتێک هەلومەرج رەخسا دەتوانرێت ئەو بەڵگەنامە گرنگە بەکاربهێندرێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، چونکە سەرجەم رێکارەکانی ئەنجامی ریفراندۆم بە شێوازێکی یاسایی ئەنجامدراوە هەر لە بڕیاری پێشوەختەی پەرلەمانی کوردستان و دروستکردنی کۆمسیۆنی باڵای راپرسی لە کوردستان و رێککەوتنامەی سیاسی لایەنەکان و دەنگدانی گشتی، هەموو ئەمانە دکیۆمێنتی یاسایی بەهێزن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 4.2 پێشنیار

- کارا کردنی بەندەکانی دەستووری عێڕاق لە بابەتە فیدرالّیەکان و دەستوەرنەدان لەو بابەتانەی، کە تایبەتن بە ناوخۆی کوردستان، وە کارا کردنی بەندەکانی تایبەت بە کورد بەتایبەتی ماددەی (١٤٠) و سەرجەم دەقەکانی تری تایبەت بە دامەزراوە سەربازیەکان، هەروەها ڕێگری لە دەستوەردانی میلشیاکان لە ناوەندی بڕیاری سیاسی لە عێڕاق.
- پێشنیار دەکەم گەلی کورد داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات ڕێگە بدات نوێنەرێکی وەک چاودێر لەو دامەزراوەیە هەبێت، بۆ ئەوەی کێشە و داواکاریەکانی کورد بگوازێتەوە، کە مافی جیابوونەوە و دروست کردنی دەوڵەتی هەیە.

پەنابردنە بەر ریفراندۆم بەهۆی پێشێل کردنی مافەکانی کورد بووە، بۆیە بۆ دەستەبەر کردنی مافەکان دەبێت سەرجەم دەقە دەستووریەکان جێبەجێ بکرێت، وەک ماددەی (٦٠) کە تایبەتە بە دروست کردنی ئەنجومەنی فیدڕالی.

## 5. سەرچاوەکان:

### 5.1 پەرتووک بە زمانی کوردی:

1. د.رشید عبداللە، د.خامۆش عمرعبداللە، د.عدنان عبداللە، بنەماکانی سیستەمە سیاسیەکان، کتێبخانەی یادگار، چاپی دووەم، ٢٠١٧.
2. د. خامۆش عمر عبداللە، بەڵگەنامەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٨.
3. د. خامۆش عمر عبداللە، مافی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی ئەزموونی ووڵاتاندا، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر، ٢٠١٧.
4. د.فالآ فەرید، سەربەخۆیی کوردستانی عیراق، لەبەر ڕۆشنایی ڕێسای ئامیرە لە یاسای نێودەوڵەتی و دەستووری، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

### 5.2 پەرتوک بە زمانی عەرەبی:

1. رافع خضر صالح شبر، د.علی هادی حمید الشکراوی، الاستفتاء و سیادة الدولة العراقیة، دراسة فی القواعد الدستوریة والقانونیة للاستفتاء، سلسلة کتب رمز العراق للدراسات، ط١، مطبعة البینة، ٢٠٠٩.
2. د.السید مصطفی احمد ابو الخیر، ازمات السودان الداخلیة والقانون الدولی المعاصر، ایتراک للنشر والتوزیع، القاهرة، سنة ٢٠٠٦.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. طارق جامباز و كريم محمد سوفى، اتفاقية السلام الشامل بين حكومة جمهورية السودان والحركة الشعبية لتحرير السودان، الجيش الشعبى لتحرير السودان، التاسع من يناير ٢٠٠٥، نيروبى، كينيا، من مطبوعات مجلة ياسا پارێزی (١٢)، كوردستان، ٢٠٠٥
4. د.عبدالحميد متولى، د. سعد عصفور، د. محسن خليل، القانون الدستورى والنظم السياسية، منشاة المعارف، الاسكندرية، مصر، ب ط، سنة ٢٠١٩.
5. عبدالرحمن سليمان زيبارى، الوضع القانونى لاقليم كوردستان العراق فى ظل قواعد القانون الدولي العام، ط١، مطبعة موكريان، ٢٠٠٢.
6. د.عثمان خليل، د. سليمان محمد الطماوي، القانون الدستورى، ط٢، دار الفكر العربى/ مصر، ١٩٥٠- ١٩٥١.

**5.3 دکتۆرانامە و ماستەرنامە:**

1. شێروان هاشم عادل، ڕیفراندۆم و مافی چارەی خۆنووسینی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٧، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی بەراوردکارییە، ماستەرنامەیەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر کراوە .
2. عبدالمنعم واضح، الاستفتاء والديموقراطية فى الجزائر، توێژینەوەیەکی ماستەرە ئاراستەی زانکۆی زیان عاشور بالجلفة، کۆلێژی ماف و زانستە سیاسیەکان بەشی یاسا کراوە، ساڵی ٢٠١٥- ٢٠١٦.
3. هیوا قادر احمد گیلانی، مدى حق الاقاليم الفيدرالية فى الاستقلال (دراسة قانونية مقارنة)، ماستەرنامەیەکە ئاراستەی ئەنجومەنی فاکەلتی یاسا و زانستە سیاسیەکانی زانکۆی سۆران کراوە، ساڵی٢٠٢١.

**5.4 پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان:**

1. بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی.
2. میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان.
3. میساقی کۆنگرێسی جیهانی مافی مرۆڤ.
4. میساقی کۆمەڵەی گەلان.
5. دەقی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

**5.5 ڕاگەیاندراوە فەرمیەکانی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانی عێراق:**

1. فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٠٦)، سەبارەت بە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٧).
2. ڕاگەیەیاندراوی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم (٢٠١٧/٩/١٧).
3. ڕاگەیاندراوی ئەنجومەنی بالای ڕیفراندۆم لە (٢٠١٧/٩/٢٤).

4. ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حزب و لایەنە سیاسیەکانی دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٧/٩/٢٤).

**5.6 دەستوری وولاتان:**

1. دەستووری کۆماری سودان بۆ ساڵی ٢٠٠٥ قۆناغی ڕاگوزەر.
2. دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥).
3. دەستووری ئیسپانیای ساڵی (١٩٧٨- ٢٠١١)ی هەموار کراو.

**5.7 خولاو (توێژینەوەکان):**

1. د.ابراهيم النور، استفتاء جنوب السودان و تداعياته الاقليمية و الدولية، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابو ظبى، الامارات العربية المتحدە، ٢٠١٢.
2. سامية بن يحيى، كتالونيا و حلم الاستقلال، هل تراجعت الديموقراطية فى الاسبانيا؟، مركز اوراسيا للدراسات الاستراتيجية، الجزائر، ٢٠١٨.
3. د. شاری خالد معروف، جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عیراق وەک یەکێک لە ڕێگا چارەکانی کێشەکان، توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاریە لە ژێر ڕۆشنایی یاسای گشتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی.بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری قەڵای زانست العلمیة، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی- هەولێر، کوردستان، عێراق، بەرگ (٣)- ژمارە (١)، زستانی ساڵی ٢٠١٨.
4. هانی رسلان، جنوب السودان و حق تقرير المصير المسار والتداعيات، مجلة السياسية الدولية، العدد ١٥٠، السنة ٣٨، ٢٠٠٢/١٠.

**5.8 سەرچاوە بەزمانی بیانی:**

1. Redie bereketeab,Self- determination and secession in Somaliland and south sudan, challenges to postcolonial state building, Nordisk Afrikainstitutet, Sweeden, Uppsala,2012.
2. Aleksander Pavkovic and Peter Radan, the Ashgate research Companion to secession, Kurdistan: A suspended Secession from Iraq (Peter Sluglett), Ashgate Publishing Company England, And U. S. A, 2011.

**5.9 سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

1. ئاوارە حسین، پێکهێنانی دەوڵەت لە یاسای نێدەوڵەتیدا (چۆنیەتی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان)، بڵاو کراوەتەوە لە پەیجی ئەلکترۆنی مرۆڤایەتی

http://mirovayeti.blogspot.com/2014/12/blog-post_29.html. ، دوا سەردان لە (٢٠١٤/١٠/١٦).
2. احمد مصبح، انفصال الاقاليم بين الروى الاقتصادية والواقع السياسى، لە ڕێکەوتی ( ٣/١٠/ ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە لە پەیجی ئەلکترۆنی جەزیرە نیت:
www.aljazeera.net، دوا سەردان ٢٠٢١/١٢/١١.
3. بارزان علی، مافە دەستووریەکانی کورد لە عێراقدا، لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١٢/١٩) بڵاو کراوەتەوە لە پەیجی هەولێر:
www.hawler.in دوا سەردان ٢٠٢٢/١/١٤.
4. بنار عقيقي، استفتاء كتالونيا، اعلان حرب فى اسبانيا، تقارير دولية، لە ڕێکەوتی (١١/ سبتمبر/٢٠١٧) بڵاوکراوەتەوە، وەرگیراوە لە پەیجی العربى الجديد:
https://www.alaraby.co.uk/ ، دوا سەردان ٢٠٢١/١٢/٣٠.
5. عبدالسلام بەرواری، دادوەر ویلسن ئەو کەسەی نەیویست مێژوو باسی بکات، لە (٢٠/ يونيو/٢٠١٧) بڵاو کراوەتەوە لە پەیجی هەکار نت:
www.hakar.net، ٢٠٢٢/١/٢.
6. فهد الريماوي، مشكلة الكتالونيا الجذور التاريخية القديمة والاحتمالات المستقبلية القادمة، لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/١٠/٢٢) بڵاوکراوەتەوە لە پەیجی ئەلکترۆنی:
hthttp://almajd.net/2017/10/22 ، دوا سەردان ٢٠٢٢/٢/٥.
7. سهام عمر، شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩، وەرگیراوە لە پەیجی ئەلکترۆنی:
http://www.historyofkurd.com/2016/03/11 ، دوا سەردان ٢٠٢٢/٢/٦.
8. لهۆن نەسرەدین، هەڵوێستی وڵاتان لە بارەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا، وەرگیراوە لە پەیجی ئەلکترۆنی: https://www.rudaw.net/sorani/world/2710201710 ، دواسەردان ٢٠٢٢/٢/٦.
9. ليلى الثابتي، اسبانيا.. كتالونيا تحتفل و مدريد تتوغد و مواقف دولية متباينة (محصلة)، لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٢٧ بڵاوکراوەتەوە لە پەیجی ئەلکترۆنی: https://www.aa.com.tr/ar/ ، دوا سەردان ٢٠٠٢/١/١٦.

## Legality of implementing Kurdistan Region Referendum

**Nyan Abdullah Muhammad**
Master Student in Department of Law, College of Law Political Sciences, Soran University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
neenajaff@yahoo.com

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Asst. Prof. Dr. Shari Khalid Marouf**
Department of Law, College of Law Political Sciences, Soran University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Sharee.marouf@soran.edu.iq

***Keywords**: Referendum, Constitution, Federal Supreme Court, Democracy, Supportive legal frameworks, international principles*

## Abstract

Referendum is one of the strong tools of state-building process and self-determination of nations. Nations express themselves through a peaceful referendum in which they vote on their own desired framework of the wider state and to establish their own way of life.

Referendum is an ancient practice and has been implemented in the United State Confederate and France after the French revolution. Recently, it has been implemented in the Kurdistan Region of Iraq in September, 2017.

As such, it cannot be overemphasized the critical importance of the need for a referendum, which is an essential tool to safeguard the self-determination of nations all over the world.

The process of referendum can be implemented via bilateral agreements between the central and regional governments under the constitution and monitored by relevant international monitoring bodies. Nevertheless, the process can also be conducted unilaterally by regions, federal states and regional governments, in case the central governments are not willing to collaborate.

The Kurdish and Catalan Independence Referendums represent the will of the Kurds and Catalans for independence from their respective central governments. These two central governments were annexing Catalonia and the Kurdistan Region of Iraq by force.

In the past, the people Catalonia and the Kurdistan Region of Iraq have been trying with various forms of struggle and eandouvers in order to achieve the goal of independence. Owing to a strong legal basis of the referendum, the authorities in the Kurdistan Region and Catalonia have realized that holding a peaceful referendum

could be the most effective way of securing independence from their respective occupiers. Despite of the solid legal grounds of referendum, which was held in the Kurdistan Region of Iraq, and the overwhelming majority which voted in the favor of the independence, the results were later suspended by the Kurdistan Regional Government mainly because of the lack of regional and international support it needed.

## شرعية اجراء استفتاء إقليم كوردستان

**ملخص:**

يُعد إجراء الإستفتاء أحد الطرق السلمية لتقرير مصير الشعوب, إذ تعبر الأمم و الشعوب عن مطالبها و حقوقها عن طريق الإستفتاء. أي شعب بإمكانه تقرير أسلوب الحياة و إختيار نمط الحكم الذي يسعى اليه , للإستفتاء جذور تأريخية بدءأ من حقبة كونفدرالية الولايات الأمريكية و فرنسا عقب الثورة الفرنسية في عام 1789 و إنتهاءاً بعقد إستفتاء إقليم كوردستان العراق في عام 2017. بالإمكان إجراء عملية الإستفتاء عن طريق إتفاقيات ثنائية برعاية دولية, أو بعكس كل ذلك, كما في حال شعب أو إقليم في بلد إتحادي (فيدرالي) أو حكومة محلية التي تقرر إجراء الإستفتاء و تقرير مصير الشعب أو الإقليم من جانب واحد. إن تجربة إجراء الإستفتاء لغرض الإنفصال عن الدولة الأم كما في جنوب كوردستان و إقليم كتالونيا هي تعبير عن مطالب و إرادة شعوب تلك المناطق للإستقلال في إطار دولة مضمومة قسراً كون أن كلتا الحكومتين المركزيتين في العراق و إسبانيا قد قامتا بإلحاق إقليمي كتالونيا و كوردستان قسراً بهما عن طريق القوة. في الماضي سعى شعبا إقليمي كتالونيا و كوردستان, بطرق و أساليب مختلفة, الى هدف الإستقلال و كان لهما أهم المقومات و المرتكزات القانونية.

الإستفتاء من أقوى المساعي فاعلية بالنظر الى الدعم القانوني الدولي للقوة التي يتمتع بها الأستفتاء نفسه. تبين لسلطات إقليم كوردستان و إقليم كتالونيا بأن إجراء إستفتاء سلمي قد يكون أكثر الطرق تأثيراً لنيل إستقلال مضمون للإنفصال عن الدول المحتلة. على الرغم من الدعم (السند) القانوني لإستفتاء إقليم كوردستان حيث أجاب معظم المصوتين بنعم للإستقلال و الإنفصال إلا أنه في غياب الدعم (السند) الداخلي و الإقليمي و الدولي فقد تم الإضطرار الى تجميد نتيجة الإستفتاء لمصلحة الحكومة الإتحادية (الفيدرالية).